کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-2-2007 23:28 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دەبێت لەژێر ناوی پاراستنی شەرەف و ناموس، بەر بە شاڵاوی کوشتنی ژنان بگیرێت ... دەنگی کۆمیتەی ژنانی ئازادیخوازی کورد

ئێمە وەک دەستەیەک لە ژنانی ئازادیخواز، لە کوردستان و هەندەران، سەرکۆنەی ئەو کارە قێزەونە دەکەین کە لە دەڤەری شێخان، لە ژێر ناوی کێشەی کۆمەڵایەتیدا دەستی ڕەشی ئیسلامی سیاسی زۆر دڕندانە کەوتنە پارە پارەکردنی جەستەی ژنێک.
لەم ڕۆژانەدا بارگرژیەک لەدەڤەری شێخان هاتەئاراوە کە قوربانی بارگرژیەکە کوشتنی ژنیکی بێتاوان لەژێر ناوی پاراستنی ناموس و شەرەف دا لێکەوتەوە، ڕابەرانی ئەو دەستە ڕەشە بێگوومان ئیسلامی سیاسیە و، ئیسلامی سیاسیش وەکو پیشەی مێژوییان، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، لەباکوور بۆ باشوور، لە ژێر ناوی پاراستنی شەرەف، نامووس، ڕەوشتی باووباپیران، موقەدەساتی کۆمەڵگە، ڕێزگرتن لەیاساکانی ئیسلام، بە سەدان و هەزاران ژنیان کردۆتە قۆچی قوربانی، سەربڕین و ئەتک کردن و دەست وپێ بڕین و لووت بڕین و مەمک بڕین و تێزاب ڕژاندن بە قاچی ژناندا تەنها لە ئەدەبیات و کولتورێک دا هەیە کە تەمەنەکەی زیاتر لەهەزار ساڵە ئێکسپایەر بووە. ڕابەرانی ئەو ئەدەب و کولتورەش هەمیشە جۆرە ئینسانێک بوون دژ بە ڕەوتی گەشەی کۆمەڵگاو دژ بە نوێکاری کۆمەڵگاو دۆست بەشتە دانراوو پیرۆزەکان و سەپاندنی کولتورو یاساو ڕێسایەک کەلەگەڵ سیستەمی پێک هاتەکۆمەڵایەتیەکان زۆرناتەبایەو، لەگەڵ خواست و مەرامەکانی سەرجەم کۆمەڵگادا هاوجووت نیە. وە هێشتنەوەو بە پیرۆز ڕاگرتنی پیاوسالاری بۆتە یاسایەکی چەسپاو لەناو دەستووری حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاڵپشتی کردن لە بەکۆیلەکردنەوەی ژنان بووەتە بەندێکی ڕەسمی (چونکە شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەی یاساکانە) . ئێمە وەکو دەنگی ژنانی ئازادیخواز وسەربەست جارێکی تر دووبارەی دەکەینەوە دەبێت یاسایەک سەروەر بێت کە سەرجەم ئینسانەکان و بەتایبەتی ژنان ئازاد بن وە لەژێر هیچ بڕوبیانوویەکی ناموس پەرەستی و مەزهەبیدا خڵتانی خوێن نەکرێن، وەهەر جۆرە هەڵاواردنێکی مەزهەبی مەحکووم دەکەین. بۆیە لێرەوە ئێمەی ژنان داوا لە لێپرسراوانی حکومەتی هەرێم دەکەین کە چاو بخشێننەوە بە کەیسی ژنان داو هەرجۆرە ڕێگیریەک لە ئازادی ژنان وەلانرێت، وە سەرجەم ئەوتاوان بارانەی دەستیان هەیە لە کوشتنی ژنان دا دادگایی بکرێن لەژێر چەتری یاسایەکی مەدەنیدا، وە داواکاری دەستگیرکردنی تاوان بارانی کارەساتەکەی شێخانین، وەهەرچی زووترە بکوژانی ژنان ڕاپێچی زیندان بکرێن.

بژی ئازادی ژنان، مەرگ و نەمان بۆ یاساکانی پیاوسالاری.

کۆمیتەی ژنانی ئازادیخوازی کورد
jnani_azadixwaz2007@yahoo. de

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.